بەرێزان : خەونێکی گەورە بوو بۆ هەموو تاکێکی کوردی و هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز ، کە ئەمرۆ سەدام حسێن و داروودەستەکەی لە بەرانبەر دادگا ڕاگیراون بە تۆمەتی ئەنفال و کیمیا بارانکردنی کورد .
چەند دانیشتنێک لەو دادگاییکردنە بەڕێوەچووە ، گەشبینی دوێنێی شەقامی کوردی بە ڕەهەندی دادگاییکردنەکە ڕوو لەکزییە . هەست دەکرێ هۆلی دادگا بۆتە یەکلایکردنەوەی کێشە سیاسییەکان نەک وەرگرتنی مافی قوربانی لە جەلاد ، ئەمانەو کۆمەڵێ سەرنجی تر ئەمڕۆ بوونەتە باسو خواسێکی هەنووکەیی شەقامی کوردی ، بۆ یە ئێمەش وەک دەنگەکان بە پێویستمان زانی بەم چەند پرسیارەی لای خوارەوە لە دەرگایی کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانمان بدەین .

دەستەی بەڕێوەبردنی دەنگەکان
September 06
www.dengekan.com

## (تەها سلێمان) نوسورو ڕۆژنامەنووس :

**پ/-دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق تا چەند پێوەرو گونجاوە بۆ دادگایی کردنی تاوانباران و کۆ کوژی کورد؟**

وەڵام/من وای دەبینم خودی دادگاییکردنەکە پرۆسەیە کە کەهەمووومان چاوەڕوانی بووین، بەتایبەت دوای ئەوەی ڕژێمی بەعس بەهۆی کۆمەڵێك هۆكاری ناوخۆیی و نێو دەوڵەتیەوە ڕووخاوو تەمەنی خوێن ڕێژێتی لەبەین چوو، بەڵام تایبەت بەوەی کەپرسیارەکەتان مەبەستیەتی دەبێ بڵێم دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بەرهەمی هەمان ململانێی ناسرووشتی و نالۆژیکی واقیعی هاوکێشەی سیاسی عێراق و دیاردە مەزهەبی و خێڵەکی و ئاراستە شۆڤێنیەکانی چوار چێوەی ململانێی ناو براوە. ڕوونتر ئەگەر دادگایەك بەرهەمی ململانێی ناسرووشتی و یەكتر بڕی ئاوها دۆخێك بێت، بێگومان ناتونێ ببێتە پێوەرێكی تەندرووست و بوارێكی گونجاو بۆ دادگایكردنی تاوانبارانی كۆكوژی کورد یان ئەوانەی ئەنفال و کیمیاباران و جینۆسایدی گەلی کوردیان کردوە، ئەم بۆچوونە بەو مانایە نایەت کەتاوانبارانی كۆكوژی کورد لەدادگاییکردنەکەدا گرەو ببەنەوە یاخود ئەوان سەرکەوتووبن ، بەڵكو بەشێوەیەکی تر مەبەستمە بیڵێم ئەو بوارەش کەبۆ تاوانباران لەنێو هۆڵی دادگادا بۆ تاوانبارێکی وەك(سەدام) یان(عەلی کیمیاوی)یان(هاشم سووڵتان) یاخود هەریەکێکی تر لەتاوانباران ، ڕەخساوەو دراوەو دەدرێ کەئاراستەی هۆڵی دادگا بەرەو کێشەیەکی سیاسی و جەنگی نێوان دوو وڵات ببەن، بۆ خۆی پێوەری یاسایی لە نێو هۆڵی دادگا دەخاتە ژێر پرساری جدییەوەو بواردن بەسەریدا نابەرپرسیارێتیەکی ئەخلاقی و یاساییەو جوڵە و توانایی ئێمەش پێش هەموو کەس دەکەوێتە بەردەم ئەو نابەرپرسیارێتیە و مومکین خۆمان لە خۆمان خۆش بین. بەوورد بوونەوە لەوکۆی دانیشتنەکانی دادگاییکردنی تاوان باران سەدام و هاوەڵەکانی دادگا نەیتوانیوە پێوەرو

گرنگی سەربەخۆیی ڕاگرێ، ڕەنگە خولی پێشوو کە حاکم (ڕەووف ڕەشید)بەڕێوەی دەبرد جیاوازتر بوو لە خولی پێش خۆی و خولی ئێستا کە (عبدولا عامری ) بەڕێوەی دەبا. وەك ووتم من کێشەم لەوەدا نیە کە سەدام و دارو دەستەکەی گرەوی دادگا ببەنەوە، بەڵکو وەك جەلاد سزای خۆیان وەر دەگرن بەلاَم کێشەی تاك و کۆمەڵگای کوردی و هتد لەوەدایە ، سەدام و تاوانبارەکانی دەورو بەری لەڕێگای ئەو بوارەی کەبۆیان ڕەخسێنراوە نائامادەبوونی دادگا وەك پێوەری ڕاستە ڤینەی یاسایی خۆی بقۆزنەوەو بەدنیای شۆڤێنیەتی عەرب بڵێن ئێمە تاوانبار نیمان و بەمەش کۆنەستی شۆڤێنێتی عەرب بوروژێنن، بەبڕواشم تاڕادەیەك ئەمەیان کردوەو لە بێتاوانبوونیان نا ، بەڵکو لە گەیاندنی سیاسەتی شۆڤێنیانەیان بۆ مەبەستێکی دیاری کراو بۆ دەرەوەی هۆڵی دادگا بەلەبەر چاوگرتنی لاوازی دادگا تاوانباران سەرکەوتووبوون. لەلایەکی تریشەوە دەبێ ئەو ڕاستیە بزانین تەنانەت بەگۆڕینی (عامری) و دانانی قازییەکی تریش کەکەس نازانێ کێ دەبێ، ئەگەر پێوەرو ڕێو شوێنی یاسایی گوونجاونەگیرێتە بەر دیسان هەمان هاوکێشە دوو بارە دەبێتەوە، چونکە وەك لەسەرەتاوە ووتمان دادگاو هەرەمی کارکردنی لەسەر ئەساسی (تەوافق)ی ململانێی سیاسی و مەزهەبی و خێڵەکی ڕاوەستاوە، واتا پێش هەموو شتێ دەبێ ئەو پێوەرەی دادگای لەسەر ڕاوەستاوە تێك بشکێنرێ..

**پ/-پرۆسەی دادگاییەکە چۆن دەگوزەرێ و تا چەند تەبایە لەگەڵ خواستی جەماوەری کوردستان و سکالای ژیان لێکەوتووان؟**

وەلاَم: من وای نابینم ڕەوتی پرۆسەی دادگاییکردنەکە هاو تەریب بێت لە گەڵ خواستی زیان لێکەوتوان، ئەمەش ڕاستە و خۆ پەیوەندی بە باگراوەندی عەقڵی کارکردنی سەرکردایەتی سیاسی و ئامادەکارانی کەیسەکەوە هەیە، تۆ ئەگە تەماشا بکەی ڕای گشتی شەقامی کوردی تەواو بێزارو تووڕەیە لە ڕەوشی بەڕێوە چوونی دادگایی تاوانباران و خوودی زیان لێکەوتوانیش بەتایبەت کەس و کاری قوربانیانی ئەنفال و کۆمەڵکوژییەکان ، پێیان وانیە بەم دادگاییە بەشێك لەمافەکانیان بۆ بگێرێتەوە. نموونەیەکی ڕوونتر من پێم خۆشە ئەو کەس و لایەنانەی سەرپەرشتی ئامادەکاری کەیسی ئەنفال دەکەن بێن و گوێ لە خەڵك بگرن، بزان خەڵك بەتایبەت قووربانیانی پەلاماری ئەنفال چی دەڵێن و پێشنیاریان چیە؟ ئاخر زۆر سەیرم دێ ئەوانەی سەرپەرشتی ئامادەکاری کەیسی ئەنفال و شاهید و دکیومێنتەکان دەکەن، نەتوانن تەنانەت یەك وەرگێڕو یەك پارێزەری شیاو ئامادەبکەن و بیگەیەننە ناو هۆڵی دادگا. من کاتێ سەرنجی پارێزەرو وەر گێڕە کوردییەکان دەدەم ، هەست بە نەفسێکی گەورە دەکەم و لە خۆم دەپرسم : دەبێ چی لەپشت ئەم نابەرپرسیارێتیەیی ئێمەوە بێ؟ باشە ئەگەر ناکارابوون و لەدەست دانی پێوەری یاسایی (عامری ) هۆکارەکەی ئەو ململانێ کوشندە و دەرهاویشتەی سرووشتی شۆڤێنیەتی خۆی و دەورو بەرەکەی بێت، ئەی ئەبێت هۆکاری ئەم نابەر پرسیارێتی و خوێن ساردییەیی ئێمە چی بێت !! شەقامی کوردی بەگشتی و کەس و کاری قووربانیانی ئەنفال و کۆمەڵکوژییەکان لایەن (بەعس) و سەرانیەوە بە تووندی ڕەخنەی پرۆسەی دادگاییەکە دەکەن و پێیان وایە لایەنی کوردی لە پرۆسەکەدا، لە خوار لاوازیشەوە دەر

دەکەون. ئەگەر کەسێکیش تێبینی لەسەر ئەم قسەیە هەبێ، من ئامادەم گفت و گۆی لەگەڵ بکەم و بۆشی بسلمێنم کە ئەوە بۆچوونی ناخی کەس و کاری قووربانیانە. بەدیوەکەی تردا من وای دەبینم و جەختیش لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە دەبێ پارێزەرە کوردەکانی کەیسی ئەنفال و وەرگێڕەکانیش تایبەت بەم بوارە بگۆڕین و بوار نەدرێ چیتر پرۆسەی دادگاییەکە بەو خوێن ساردییە بەسەر ماندا تێپەڕ بێ.

**پ/-ڕەخنەو سەرنجەکانی شەقامی ڕەوەندی کوردی چۆن دەبینن ؟ ئەتوانن چی بگۆڕن لە ڕەهەندی دادگاییەکە؟**

وەلام: ڕەخنە و بە دوادا چوون بۆ هەر مەسەلەیەك ، لانی کەم ئەبێ ناوەڕۆکی بابەتی ڕەخنە کراو بخاتە ژێر پرسیارو ئاراستە کردنی بەرەو شێوەی باشتر کردن، بەلام من ئەم مەسەلەیە بە دوو لایەنە دەبینم یەکەمیان ڕەخنەکان زۆربەی جار دوورن لە بابەتی بوون و  خوێندنەوەی ووردی ناوەڕۆکی ڕاستە قینەی کێشەکە، بەڵکو دەتوانین بێژین ڕەخنە و سەرنجەکانی شەقامی کوردی گوزارشتی سەر پێیانە و تێکەڵ و پێکەڵیەکی زۆری پێوە دیارە، بەلام لە ناو ئەو تێکەڵی و پێکەڵیەشدا دیسان نابێ ئەوەش بشارینەوە ڕەخنەی جدی و بابەتی هەیە و مەبەستیەتی ڕەخنە بێ لە گۆڕینی ئاراستەی خراپی پرۆسەی دادگاییەکە ودرووستکردنی ئاراستەیەکی باشترو گوونجاوتر لەوەی ئێستا بۆ ئەوەی پرۆسەکە وەك گەورەییەیی خۆی ببینەوە. لەلایەکی تریشەوە پێم وایە سەر کردایەتی سیاسی کوردی یەکێك لە گرفتە سەرەکی و کوشندەکانی ئەوەیە گوێ لە ڕەخنە ناگرێ یان ئەو ڕەخنە جدییانەی تایبەت بەم بوارە ناگەیننە جێی خۆی و ئیشی لەسەر ناکەن.

**پ/-بۆچی چۆنیەتی بڕیاردانی ئەنفال وەک کردەی جینۆساید بۆ کورد گرنگە ؟**

وەلام:بەووردبوونەوە لە تێکڕای یاساو ریسا نێو دەوڵەتیەکان ، پەلاماری ئەنفال و کۆمەڵکوژییەکانی چوار چێوەی پەلاماری ئەنفال جینۆ سایدەو  جینۆ ساید یش لەسەر ئاستی دنیا یاساخ کراوە. بەواتایەکی تر ئەنفال وەك پەلامارێکی دڕندانەی دژە مرۆڤانە و جینۆ سایدی گەلی کورد، لەسەر ئاستی دنیا نەناسێنراوەو کەمترین قسەی لەسەر بوە، بەڕەسمی ناسینی ئەم پەلامارە وەك جینۆ سایدی گەلی کورد لە دادگای تاوانەکانی عێراق ئەو نەناسراوی و بێدەنگیە لەئاست پەلامارێکی وا تێك دەشکێنێ، بەلام تەنها ئەم ئاراستەیە بەس نیە بۆ ئەوەی ئەو ڕاستیە شاراوەی چوار چێوەی پەلاماری ئەنفال بناسێنرێ، بەڵکو لێرەداو تەنانەت دوای بەڕەسمی ناسینی پەلامارەکە وەك جینۆ ساید، کورد بەتێکڕا ئەرکێکی گرنگی دەکەوێتە سەر شان و پێویستە بڕیاری بەڕەسمی ناسینی پەلاماری ئەنفال وەك پرۆسەی جینۆ ساید کردن و قڕکردنی گەلی کورد بە شێوەیەکی بابەتیانە و لۆژیکی تەوزیف بکا و کار بۆ کۆ دەنگیەکی نێو دەوڵەتی لەم ئاستەدا بکا. بەکورتی ناسینی ئەنفال وە کردەی جینۆ ساید دژ بەگەلی کورد یەکێکە لە بابەتە گرنگەکان و دەبێ کۆی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی ئیشی لەسەر بکەن.